ئەم لێچ ئێستایە کداین؟..
نیهاد جامی

پرسیارکردن لەو ساتەی تیایدا دەژین، گەلانێ بەدوای ئاستێ ووندا بووکەی خەمان، ئاوەی ناگەڕێت بۆ ئاو زەمینێ ئاوە تەنیا دەسەلاتی سیاسیە، چونکە ئێستا بۆ دەسەلات بریتیە لەساتاوەختی چۆژ، لەکاتێکدا بۆ کەمالگا لەدایکبونی بریندە، لەنەوان وێنەی چۆژ و بریندە، مەتیقی دەسەلات و کەمالگا دەخولقێت، وێنەیکی سادیانەی ژیانە، دەسەلات چۆژ لەو بریندەی کەمالگا دەبینێت، ئاو ئارەزووکردنێ بۆ خوێن، ویستێکی زاوتکردنی ئیرادەی هەموانە، کوشتنی خەسڵەتی جیاوازیە، هاوڵێکە بۆ ئاوەی نەتوانین بیر لەئێستامان بکەینەوە.

هەزی کولتور لەکوێی ئاو ئێستایەدایە؟ پرسیارێک ئاراستەی دەسەلات ناکرێت، هەندەی پرسیارێکە بۆ وەبیر هاتنەوەی کەمالگا، ئەم بۆ ئاوەی بیربکەینەوە، دەبێت بیرمان بێتاوە، کەی ژیانی ئەم بگۆڕاچوونەوە بووە بۆ دەسەلات، ئاو فەرمەی دەسەلات وێنەیکی جیاوازی نیە، هەندەی ووخسارکانی جیاوازن، دەنا بۆ خەی یەک وێنەی هەیە، ئاویش وێنەی دەسەلاتی فاشیزمە، ئەم کە بڕینمان ساتێکی هەمیشەیی ژیانە، لەبەردەم ئاگرێکی نوەدا نین، بەڵام دەکەوینەوە ناو دووبارەکردنەوەی مەژوو، کەتایی بەعسیزم و کەتایی بنەماڵەی کوردی، دوو کەتایین درۆکراوەی یەکترین، چونکە سەرەنجام فاشیزم کە لەئاستی باڵای دەسەلاتدا نوێنەرایەتی ئایدیەلۆژیا دەکات، ئاوە ئەم نین کەتایی پێدێنین، بەڵکو سەرمایەداری بۆ خەی تا ئاو شوێنە ڕەگای دەدات کە داکەکی لەهەزی ئاو دەکات، بنەماڵەی کوردیی تا ئاو شوێنەی کاری کەمپانیا و بازرگانی و ئایدیای بیری سەرمایەداری بەڕێوە دەبات، نوێنەرایەتی ئاو دەکات، هیچ کاتێک نوێنەرایەتی خەی ناکات، بەڵکو فەرمەکی ئاویتری دەرەوەی ئەمەیە، ئاو فەرمە دەتوانێت بە بیانوی نەتاوە فریوومان بدات، وەک چۆن بەدرۆزایی مەژوو نەتاوە کراوە بەو بیانوەی کە ئەم دەستخەرۆ بدات، ململانێی بنەماڵەکان کەشەی ئایدیەلۆژی نین، هەندەی وابستەی ئاگرێکی ململانێیە دەبێت ئامادەبوونی هەبێت، بەڵام دیسان دەپرسین هەزی کولتور لەکوێدایە؟

ئاوە نائامادەبوونی کولتور نیە لەئێستادا، هەندەی نەبوونی نوێنەرانی کولتورە، بەوەی نوسەران و هونەرمەندان لەناو کایەی بنەماڵەکان تواونەتاوە، ئاو هەزە ڕەشنبیریەی دەیاوێت نوێنەرایەتی

کولتور بکات، لە ئاستیدا هەڵگری باریک هەیە لەنێوان ئەوان وەدەنگەڵەک کە لەناو بنەماڵەدایە، بەیە سەختە بتوانین لەیەکتریان جیا بکەینەوە، ئەو هێزە توانای هەیە بە ئەوەی لەئێستای کولتوردا بژیت، تێبگات لەوەی ژنکوژی ئەخلاقێکی سیاسی بنەماڵەییە زادەی دەخێکی دەسەلاتی سادیە کە بەدوای ئاپڕین هێنایەنە بووەوە کولتورێکی بنەماڵەیی ئەو دووە بنەماڵە کوردیە، کە دەبێت بپرسین: ئاخە ئاپڕینی بەهاری نەوەت و یەک ئاپڕینی پیاوی کوردیی بووە بەسەر ژندا؟

ئەوە پرسیار نیە بە وەلامدانەوە، هێندەی کاتێک ژمارەی ژنکوژراوەکانمان بیر دێتەوە، پەویستمان بە تێریق بوونەوەیە کە پیاوین لەکەمەلگای کوردیدا، پیاوین و بنەماڵەکان ناوەندی سەربەخۆ بە ژنان دەکەنەوە، کەچی ژمارەی ژنە کوژراوەکان زیاد دەکات، کاتێک خەرئاوایەیەک ئەمە دەبینێت وادەزانێت دامەزراوەی کەمەلگای مەدەنیمان هەیە بەبونی ئەو سەنتەرو ناوەندە جیاوازانە، هێزی کولتور پەویستی بەوەیە دیوارێک دروست بکات لەنێوان ئاستەقینەی کولتور و ناوەندە بنەماڵەییەکانی لە ئێستادا خوازیارن خەیان وەک ناوەندی کولتوری بە ئەمە بناسێنن، لەو ئێستایەدا چیرێک وەک گۆرانەوە و بەتایبەت ئەمان توانای ئەوەی هەیە ئەو مێژووە درێژانەی دەسەڵات ئاشکرا بکات، ئەمە بە خەمان لەڕەی پێنج نەڤڵەت و ئەمان ویستمان پێردە لەووی ئەو هەموو ئازووە سادیی بنەماڵەیی ئابمالین، قسە لەکەی ئەو مێژووە خوێناویە بکەین لەڕەی گۆرانەوەی ئەدەبی، بەڵام ئەوە تەنیا دەنگێک نیە ئەمە کەمەلێک دەنگمان هەیە کە لەئەمەش زیاتر کاریان لەسەر ئەو ئاستە ئەدەبیە کردووە بە ئەو ئێستایەی تیایداین، ئەوە تەنیا ئەمان نیە ئەو هێزەی هەیە، هونەری شۆکاری و هونەری شانۆ کە ئەو ئەڵیان نەبینیووە، بەڵام لەتوانایاندایە نوێنرایەتی کولتور بکەن لەو ئێستایەی تیایداین.

نیهاد جامی- فەرهنسا

کەرکوک چەن روناکی دەبینێت!..

عوسمانی حاجی مارف

بارزانی سەرۆکایەتی ناڕەزایی حکومەتی بەغدا، ڕیفراندەمی سەربەخۆیی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کەرکوکیشەوە ئەنجامدا. حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئۆکاتەی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی عێراق کرد، دەست بەسەر کەرکوکدا بگرن و لە ژێر کۆنترۆڵی تاڵەبانی و بارزانی دەری هێنا، هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمیش بەبێ ئۆپەی بەرەنگاریەکی ئۆتۆ بکەن، کشانەوە، بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم باجێکی زۆریدا، لە ئاکامی ئەو هەوڵە شکستخواردوەی کە بانگەوازی سەربەخۆیی ڕاگەیاند. پارتی و یەکێتی گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی نەوت و هووبارێکی زۆری خاکەکیان لەدەستدا، هاوسەنگی هێزیان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق و هێزە میلیشیاکانی عێراقدا گەردراو لە ئاستێکی زۆر نزمدا هێزەکیان نمایشیان کرد، تەواوی مێژووی کوردایەتی خەیان شەرمەزارکرد.

دواتر دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم پاش ملکەچیان بە بەغدا، بڕیاری دیبلۆماسی و دانوسانەوە لە هەوڵی پاراستنی ماناویان بون لە کەرکوکدا، لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢١، مەسعوود بارزانی هاوپەیمانی لەگەڵ موقتەدا سەدر کرد، لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوکدا. بەڵام دوای کشانەوەی ئەلسەدر لە پێکهاتەی سیاسی، بارزانی ناچار بە دانوستان بوو لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیدا، پاڵپشتی خۆی بە محەمەد شیاع ئەلسودانی ڕاگەیاندو پاشکۆی لەهەوڵەکانی بۆ گەرانەوەی دۆری لە کەرکوکدا کرد. تاڵەبانی بەو دڵیلی زوتر خۆیدا بەدەستەوەو هاوکاری چوارچێوەی هەماهەنگی و کەماری ئیسلامی ئێرانی کرد، پێیکی لە کەرکوکدا مایەوە.

بگشتی تەواوی هێزە میلیشا دەسەڵاتدارەکانی عێراق و کوردستان هەگبری پارێزگای کەرکوکن و هەرلایەنەکیان خواستی خۆی هەیەو لە کێبرکێیەکی بەردەوامدان بۆ دامەزراندنی پێگەیان لە کەرکوکدا، لەگەڵ ئۆپەی پارتی و یەکێتی بنکەیان لە پارێزگاکەدا هەیە، بەڵام بەدوای ٢٠١٧وە و خەرێکخستنەوەی هێزە سەربازیەکانی عێراق و داسپاندنی حەشدی شەعبی، هاوکێشەکە بەجۆرێک گەرانی بەسەردا هات، کە ئێستا یەکێتی و پارتی لەڕێگای رکابەری لە هەڵبژاردنەوە هەوڵئەدەن پێگەیان لە کەرکودا دامەزرێنەنەوە، ئەمەش لە واقعی دەسەڵاتی هێزی میلیشا و بادەستی حکومەتی عێراق بەسەر کەرکوکدا،

ئەجڕە هەوانە بزووێی پوچەل دەبێتەوە، یان بە شێوازێکی فرمانی لە ئەنجومەنی پارێزگادا بشداریان پێدەکەن.
هەستیاری دۆخی پارێزگای کەرکوک و ئایندەکەی زیاتر دەگەێتەوە بە نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی رەکەوتن لە نەوان هێزەکاندا، ئەو هێزانەی کە لەسەر بنەمای دینی و تائیفی و نەتەوەیی لەشانەی سیاسی عێراق و کوردستاند هەسورانی سیاسی دەکەن، تا ئەو ئاستەی کەرکوک چێتە لیستی ناوی ناوچە کشە لەسەرەکان و تائەستاس هەربەو ناوەوە دەناسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لەم دواییانەدا بشداریکردنی چەند لایەنێک لە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا و دامەزراندنی پارێزگاردا رەکەوتنەکیان ئەنجامدا، بەڵام هەشتا ناکۆکیەکانیان لەسەر چارەنوسی کەرکوک و تاپانچێتی لە کەرکوکدا وەک خۆی ماوە، بۆیە ئەم ناکۆکیەش دەرگا بەووی ئەگەری سەرهەدانی ململانێی نوێدا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە.
بەم بەستی شکاندنی ئەو دۆخە چەقبەستووەی لەکەرکوکدا بەدوای هەبژاردنی پارێزگار و دابشذکردنی پستەکانی پارێزگا پشهات، سودانی رایگەیاند کە دەبێ دانیشتنێکی ئەنجومەنی پارێزگا لە ١١ی تەمموزدا بەوبچێت. داواشی کرد هێزە سیاسیە پەیوەندیدارەکان هاوکار بن لە تەواوکردنی ئەو کشانەی هەبووە لە گفتوگۆ سیاسیەکانیاندا، ئەم هەشیە بووەی ئەوەی بلەکە براوەکان هاوپەیمانی خەیان بکەن و هاوپەیمانیەکی نەتەوەیی و تائیفی پکبهێنن. لایەنەکان بەسەر دوو میحوەردا دابشبوون، یەکەمیان بارزانی، بەڕی تورکمانی و هێزەکانی هاوپەیمانی سەروەری بە سەرکایەتیی خەمیس خەنجەر و ئاکان جبوری لەخۆدەگرت. دووەمیان، تاڵبانی و بزووتنەوەی بابلی مەسیحی سەر بە حشدی شەعبی و سێ ئەندامی عەرەبی سەر بە پارتی تەقەدوم، بە سەرکایەتی سەرۆکی پشووی پەرلەمان، محەمەد حەلبوسی، هەروەها هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە.
لە ١٠ی ئابدا هێزەکانی میحوەری دووەم توانییان ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگار دامەزرێنن، لەسەر بنەمای حوکمی زرینە. شایانی باسە لە دانیشتنی هەبژاردنەکەدا بە ئامادەبوونی، بافڵ تاڵبانی و سەرۆکی عەسائیب ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی، و بەرپرسی پارتی تەقەدوم، محمد ئەل- حەلبوسی بەڕێوە چوو، کە دەنگیان بە ئەندامەکی یەکێتی نیشتمانی دا، ١٧بوار تەها بە وەرگرتنی پستی پارێزگار . ڕبوار تەها لە دانیشتنەکەدا مشتومڕاویدا هەبژێردرا کە تەیدا نوێنەرانی پەکهاتەی تورکمان و نیوەی هێزە عەرەبیەکان ئامادەنەبوون، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان.
حەلبوسی ١٧ەکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە پەدانی پستی پارێزگار

بە یەکێتی، دوای ئەوەی دەنگی سێ کورسی حزبەکەی لە بەرژەوەندی ئەم کاندیدکردنە بەخشی، ئەمەش دەتوانین بڵێین لەچوارچێوەی وەڵامدانەوەی حەلبوسیە بەرامبەر نیازەکەی، کە خەمیس خنجەر، کەپێوەندی لەگەڵ بارزانیدا کردوە، بەمەش تەماتباری دەکەن بەوەی کە هاوسەنگی پرسەی سیاسی کەرکوکی تێکداوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هەوڵەکانی حەلبوسی زیاتر گەڕانەوەی بە سەرکایەتی پەرلەمان زاڵن بەسەر هەموو دانوستانەکانی ئێستایدا. بەمشێوەیە حەلبوسی مەرجی دابینکردنی پشتیوانی خۆی بە سەرکەوتنی ڕێبوار تەها دانا، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی پشتیوانی هاوپەیمانە نوێیەکانی بە گەڕانەوەی پارتەکەی بە سەرکایەتی پەرلەمان.
لەبەرامبەردا ئەو گروپانەی ئامادە نەبوون، سکاڵایان لەسەر پرسەی هەڵبژاردنەکە تۆمارکرد کە لە هەتەل ئەلڕەشیدا بەڕوویچوون، بەهەی شکاندنی یاسای تەوافوق و ئامادەنەبوونیان لە دانیشتنەکەدا، بەڵام دادگای فیدراڵی ئەو داوایەی ڕەتکردنەوە.
هەرچەندە وانیشان ئەدرێت ناکۆکیە سیاسییەکانی کەرکوک تەنها لە سروشتێکی ناوخۆییدا بێت، بەڵام ئەوە شاراوە نیە کە زلهێزە ئیقلیمییەکانیش دەستوەردانیان لە پرسی کەرکوکدا کاریگەرە و پێگەو نفوزی خۆیان هەیە، ئەم کاریگەریانە لە ئەنجومەنی پارێزگاکەدا نیشاندا. ئەو قەیرانەش کە کەرکوک دەرگیریەتی، دەرئەکردنەوەی کەبەکەی ناوچەیی نەوان تورکیا و ئێران لەسەر ناوچەکە، هەردووکیان هەوڵدەدەن بگەنە دۆخێکی سیاسی کە خزمەت بە مەبەستەکانیان لە کەرکوکدا بکات، ئەنقەرەو تاران لە هەوڵی ئەودان ئەو لایەنە لە ئەنجومەنی پارێزگادا بادەست بێت کە سەر بۆخۆیەتی.
بەگشتی بارزانی پێیوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، هاوکات تاڕادەیەکی پێیوەندیەکی نزیکی بە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و ئێرانەوە هەیە، لەم پرسەی پێکهێنانی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوکدا ئێران گرەوی بردەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی یارییەکە نیە و دۆخی کەرکوک لە بەردەم چەندین سیناریۆی گەمەی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە..
ئەو ژمارە زۆرەی لە هێزی چەکداری جیاواز بەسەر ئەو شارەدا دابەشبووە و پارچە پارچەبوونی هێزە ئەمنیەکانە بە گرووپە جیاوازەکان، ئاشکرایە ئەمجارە لە بادەستی هێزەکان بە ناوی دین و تائیفەو نەتەوەو دەتوانە سەقامگیریی ناوچەکە تێکبدات و ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئارامی سیاسی بگرێت، بەردەوام لە دۆخێکی دژواردا ئەو شارە وێنا دەکرێت، ئەم دۆخە پر جێنجاڵ و نائەمنە ڕەشنە کە دابەشکردنی دانیشتوانی ئەو شارەیە بەزۆر بەناوی دین و تائیفەو

نەتەوە، لەهەمانکاتدا بەهای بەردەوامی دەستوەردانەکانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ، دەخەکە خراپتر دەبێت، کە هەردوو تورکیا و ئێران لەوبارەیەوە هەمیشە رەخنەکی مەترسیداریان هەیە.
واتە بەمشێوەیە لەباری هەلومەرجی سیاسی ئێستای شاری کەرکوک، ئەوەمان نیشان ئەدات سیناریۆی ئەم پارێزگایە هەوناکی بەخەیەوە نابینێت، مەگەر حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کە لەسەر بنەمای هاوواتیبوون سەرکردایەتی بکات و توانای جڵەوکردنی یاساکانی پارێزگاری لە مرۆڤایەتی هەبێت، یان لەووی سیاسییەوە لە حکومەتکانی بەغدا و هەولێر دابڕێت لە سیستەمێکی نیمچە سەربەخۆدا کە خەڵکی شارەکە خۆیان بڕیاری بۆ بدەن. حکومەتی عیراق و کوردستان و بڕیاربەرایەتی شارەکانی عێراق و کوردستان پێویستە لە سەر بنەمای هاوواتی بوون دامەزرێت.

پەراوێزی شەشەمینی تێکست.. نەژاد عزیز سورمێ

هەنگە تەش هەر وای لێك بدەیەوە؛ (دواکەوتن) تەنیا لە هەندی ئابووری و تەکنەلۆژییەوە سەرچاوە ناگرێ ، لایەنی کولتووری و ئاستی بینای ئەبستمی لە پشەوەیان پرۆژەیەکی جیدی وەرگێڕان بۆی دیار لە بەرقەرارکردنی پێگەیشتنی شارستانی و دروستبوونی فاکتەرەکانی پێشکەوتن دەبینێ..
لای ئەمە ئەوەی لە هووی وەرگێڕانەوە کراوە، وەڵای کەشفی تاکە کەسی ، بەهای هەژنامەگەرییەوە بووە ، لە مێژووی خۆیدا هەژنامەگەریی کوردی تاکە مینبەر بووە دەق و وتار و لێکۆینەوەی وەرگێڕدراوی بەاوکردبێتەوە..ئەمەش ئەگەر لەبەهەند زانینی هەژنامە وگۆڤار و دەوریاتی کوردیشدا سەرچاوەی گرتبێ، بە پرۆژەیەکی گرنگی وەك پرۆژەی وەرگێڕان بگومان بەس نیە..(دیارە من لێرەدا باس لە پێش ئاپەین دەکەم ، بگومان پاش ئاپەین لە هووی چەندایەتییەوە قسەی زۆر هەیە دەگرێ)
هەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن هەندێ نووسەر و هەژنامەنووسەوە دراون کە زیاتر دەچنەوە ناو خزمەتگوزاری کولتووری تا پرۆسەیەکی پلان بۆ

داڕژراو .. ئەستایشی لەگەڵ بۆ دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕانمان نییە وەك دامەزراوەکی پەتی کوردی بۆ هەڵچاوکردنی سیاسەت و تونێژە مارپێچەکانی کەوتبێتە کار و هاتبێتە مەیدان بۆ دیاریکردنی پلانێکی درێژخایەنی وەرگێڕان و بەدواداچوونی تەکنیك و کێشە و هونەر و کاریگەریەکانی بە تایبەتی لە بازنەی پێشخستننی زمان و چەسپاندنی ئیدیوم و زاراوەی نوێ ئەو پرسە گرینگە ، کە ئەگەرێکی دیاری پێشکەوتن و پێگەیشتنی شارستانی و شەقاوێکی ڕێگابۆ بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە دواکەوتوویی با بە چەند هەنگاوێکیش بێ.
ئەوەی مایەی پرسیار و تاڕادەیەك داخە، ئەو پرسەیە تا ئێستا ئەگەر لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیش ئەرزشی بۆ دانەدرابێ، وا دەرنەکەوتووە لایەنی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی نیشتمانی گرنگی پرسەکەی وەکو خۆی کە پێویستە و بە ئاست و ڕادەی خۆی خوێندبێتەوە! وەك پرۆژەیەکی نەتەوەیی و بەشێك لە پرسەی هەستانەوە و بەرەوپێشبردنی ژیانەوتی زمان و کولتوور و ڕووناکبیریی کوردی..
لەم ڕاستەدا دەکرێ بۆ لەمەودوا مەسەلەکە بە جیدیتر سەیر بکرێ، بوار هەمیشە ماوە و دەمێنێ بەو ڕووکارەی لە کەنگرەیەکی تایبەتیدا کە بۆ ئەو مەبەستە ڕێکبخرێ، مەوداکانی کاریگەری وەرگێڕان بەسەر پێشکەوتنی کولتووریی لێك بدرێتەوە و لە کێشە و کێسپەکانی ڕێی کاراکردنی بکۆڵدرێتەوە و چارسەر و پلانی پێویستی بۆ لەبەرچاو بگیرێ..
کتێبخانەی ئێمە، وێڕای فراوان بوونی بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین و پاش دامەزرانی چەند دەزگایەکی چاپ و باڵاوکردنەوە، هەرچەندە تایبەتیش نین و نەبوون بە وەرگێڕان، هێشتا هەر کتێبخانەیەکی هەژارە…
بە کەمگرتنی ئەم مەسەلەیە کە کۆمەگەیێکی پتەو لە پرسەی پەرەسەندنی زمان و هەستانەوەی کولتووری نەتەوییدا دادەڕژێ، کە ئێستا درەنگە زوو نییە بەراوردی هەندێ مەسەلەی سیاسی پەراوێزگرتووی بۆ فایدە و ئایدەی لە قاڵبدراو، فاکتەرێکی دیکەیە لەسەر نەگرتنی پرۆژەی لەو چەشنە..
ناچینە ناو تونێڵە دوور و بەر درێژەکانی بەراوردکاری بەڵام هەر لەسەر ڕێی نموونە هێنانەوەدا سەیری ئامارێکی پێنج ساڵی یەکەمی هەشتاکان دەکەین کە لەلایەن یۆنسکۆوە ئامادەکراوە و تێیدا هاتووە: تێکڕای وڵاتانی عەرەبی بۆ هەر ملیۆنێك یەك دانە کتێبی وەرگێڕاوە، لە بەرامبەردا وڵاتی ئیسپانیا بە تەنێ بۆ هەمان ژمارە (920) نۆسەدو بیست ناونیشانی هەبووە..
ئینجا تۆ وەرە فکری لێ بکەوە.. (بڕوانە جابر عصفور

الحیاه2\6\2004) پێم وایه ئەو ئامارەی یەنسکۆ بەس بێت بۆ ئەوەی ئاستی کتێبخانه و ئاستی چالاکی خوێندنەوه.
لەگەڵ ئەو داستیه تاڕەشدا، بەش بەبار وای نابینم ئیتر نەتوانین هەنگاو هەڵنین، بەپێچەوانەوه، ئێستا وەختیەتی کۆنگرەیەك بۆ وەرگێڕان و کێشەکانی ، تا دەگاتە ئەوەی چەند دامەزراوەکی تایبەت بە وەرگێڕان پێکدەهێنرێت، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوه، ئەوانەی ئەمڕۆ لە کاردان بە جیدی دەستی بدەنێ و خەتێکی تایبەتی و بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت و پلان بۆ داڕێژراو بۆ کتێب و تێکستی وەرگێڕدراو تەرخان بکەن.
هەروەها باشتریش دەبێ ئەگەر هەوێبدرێ پادداشتی شایان بدرێتە وەرگێڕ..
دەڵێن لە زەمانی مەئموونی کوڕی هاروون ڕەشید کە ئەوسا دەزگای (الحکمه)ی دانا بوو دەقی وەرگێڕدراو بەزۆر دەکێشرا و پارسەنگی بۆ دادەندرا تەنانەت کولتووری عەرەبی بە پلەی یەکەم و ئیسلامی بە پلەی دووەم، لەو زەمانەدا بەهۆی بزاڤی وەرگێڕان گەیشتە چڕپڕەی پێشکەوتن..
مەسەلەی دەسمزو پاداشت، مەسەلەیەك نیە عەیب و ئیرادێکی تێدا بێ، خەڵك و خوایەك هەن کە بەچاوی مجرد دەبینرێن بۆ ماندووبوونێکی داپێندانراو لەوەختێکی پێوانەیی دەبن بە هاروون و قاڕوون.. بۆچی پاداشتێکی شایان بۆ وەرگێڕانی کتێبێك یا تێکستیك کە ماندوو بوون و شەونخوونی و مەسئوولیەتی قانوونی و ئەخلاقی بەدواوەیە، بەقەد سەرقەڵەمانەی جارانیش سەیر نەکرێ کە لە بریتی جادوو نووشتان دەدرا؟ بەڵادەیەك وەك خڕپکردن یا شتێکی لەو بابەتە لەلایەن هەندێ لێی بڕوانرێ!!
ئێستا هەقە بە هەمان تاو و پەرشیەوە بیر لە پڕۆژە چارەنووسازەکانی دی تایبەت بە کولتوور و فەرهەنگ بکرێتەوە و بە هەموومان هەوڵ بدەین کاری بۆ بکەین، لە پێشەوەی ئەو پڕۆژانەیش دامەزراندنی دەزگایەکی شایان بۆ وەرگێڕان کە دەسپێکی کارەکانی وەکو پڕۆژەی دەسپێك بە پڕۆژەی هەزار کتێبی کوردی وەرگێڕدراو بێت لە هەموو بوارەکان.
بۆگومان هەر ڕێگایەك چەندیش دووربێ هەر بەهەنگاوی یەکەم دەست پێ دەکا.

گفتوگۆ لەگەڵ ژنیار ئاودێر مەحموود.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

ژنیار ئاودێر مەحموود : بەهەی کاریگەری موزیکی بیانی خەریکە موزیکی کوردی نانسرێتەوە
ژنیار ئاودێرمەحموود: لە کوردستان هیچ ژنیارێکی چالاک نییە کەوا لە من بکات پەی سەرسام بم و لاسایی بکەمەوە
خاتوونی ژنیاری بە توانای کوردستان (ئاودێر مەحموود) یەکێکە لەوژنیارانەی کە شوێن پەنجەی لە نێو موزیکی کوردی دیار و بەرچاوە ..ئەو دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکان و کالێژی هونەر لەگەڵ چەندین گروپ و تیپی موزیکی شاری سلەمانی و دەرەوەی سلەمانی کاری کردوە.. ئاودێر عەشقێکی شێتانەی بە ئامێری چالاکی هەیە هەمیشە وەکو کەسێکی نزیك لە خەی سەیری دەکات تەکەڵ بەرحی بووە. ئەمە بە ئاشنا بوون بەم خاتوونە هونەرمەندە بە چەند پرسیارێك بەسەرمان کردوە.
ئا- کامەران حاجی ئیلیاس

- **سەرەتا خوێنەرانمان حەز دەکەن بزانن، ئاودێرخان چەن ئاشنای جیهانی موزیك بوو؟**
- هەموو کەسێك حەزی لە موزیکە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من لەسەرەتا تامەزرۆی موزیك نەبووم، بەڵام خێزانەکەم موزیکیان زۆر زۆر پەخشبوو.. بۆیە زۆر هانی منیان دا لە هەمان کاتدا پێیان خۆش بوولەم بوارە دا بخوێنم ،ئەم هاندانی خێزانەکەم وای لێکردم بچمە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلەمانی ئەگەر نا لەسەرەتادا هیچ بیرم لەوە نەکردبووە فەری موزیك بم، ئەستاش موزیك بەجۆرێك تەکەڵ بەرحم بووە ناتوانم ڕۆژێك بە بێ موزیك گوزر بکەم.

***لە نێو ئەو هەموو ئامێرە موزیکیانە بەچی ئامێری چالێتێت هەڵبژارد؟**

-ڕاستە لەسەرەتادا من تامەزرۆی موزیك نەبوو ،بەڵام پەش

بچمپەیمانگا حەزم لە ژنینی ئامری چڵە بوو هەرچەندە پشتر هیچ ئەزموونکم لەسەر ئامرەکە نەبوو، بەڵام کاتێ لە تڵەفزیۆن ئەو ئامرەم دەبینی تاکە ئامر بوو سەرنجی راکێشام و زۆر حەزم لێبوو لەپەیمانگاش بە ئامری چڵە دەستم پێکرد تائێستاش بەردەوامم هیچش پشیمانیم لە هەبژاردنی ئەستا ئامرەکە وەکو کەسکی نزیکی خۆمی سەیر دەکەم ئەتوانم بڵێم تەکنیکی بەمن بووە .

- **کامێن ئەو ژنیارانەی کەبەرنزتان بە ژنیان سەرسامیت وە کاریگەریان لەسەر ژنینی تێدا هەبووە؟**
- لەسەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم هیچ ژنیارێك نەبوو لە ئامرەکەی خۆما تا من پێی سەرسام بم، ئەتواتنم بڵێم تائێستاش لە کوردستان هیچ ژنیارەکی چڵە نییە کەوا لە من بکات پێی سەرسام بم و لاسایی بکەمەوە یاخود سوودی لەوەربگرم بەداخەوە من خەفەت دەخۆم کەتاوەکو ئێستا ژنیارەکی والە کوردستان هەبێت کە سەرنجی من رابکێشێت ..بەڵام من زۆر سەرسامم بە ژنیارە ئۆرپییەکان بەجۆرێك ژنیاری زۆر بە توانایان هەیە بۆیە دەمکە تەکنیکاوی زۆریانم زۆر سوودم لە وەرگرتوون هەندێکان کە هاتوونتەوە کوردستان وانەی تایبەتم لەوەرگرتوون هەروەها کاتێ خۆم گێشتی دەرەوەم کردووە لەوە وانەی تایبەتم لەلایان وەرگرتووە.
- **بەرنزتان لەگەڵ چەندین تیپی موزیك کارتان کردوە،تاچەند ئەو تیپانە هاوکارت بوون بە پیشڤەچوونی ئەزموونی هونەری تە؟**
- من وەکو ژنیارەکی چڵە ئەتوانم بڵێم لەگەڵ هەموو گروپە موزیکییەکانی ناوشاری سلێمانی و دەتوانم بڵێم دەرەوەی سلێمانیش کارم کردوە،لە چەندین رووە سوودی زۆرم لەوەرگرتوون وەکو سەرەتا کارکردن لەگەڵ ئەو تیپ و گروپانە تە ئەزموون زۆر پیدادەکێیت لە هەمان کاتدا ئاشنا دەبیت بە میوزیکەکانی تر وە ئاشنا دەبیت بە ستایلی جیاواز لەبەرئەوەی هەرگروپەو بشێوەیەك کار لەسەر موزیك دەکات ئەمانە هەموو سوودی زۆری هەیە بە کەسەك کە کەسەرەتا دەست پێبکات وەکو لایەنی ژنینینش من سوودم لەبینیوە بەتایبەتی کەسەرەتا موزیکی کلاسیك دەخوێنێت بەڵام ئەو موزیکەی لە کەڵچەری ئێمە دا هەیە لەموزیکی کوردیدا هەیە جیاوازە لەگەڵ موزیکی کلاسیك بۆیە تە فەری ئەو شێوازە ژنینانە دەبیت فەری شێوازی ئەو تەنانە دەبیت کەلە موزیکی کوردیدا دەژنرێت لەبەر ئەوە من سوودی زۆر لەوەرگرتوون.

- **وەکو ژنیارێك ،کامیان زیاتر کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە (ئاواز یاخود تێکست یان شێوازی ئەدایەکە؟**
- من وای دەبینم کەهەریەکەو کاریگەری خۆی هەیە زۆر جار ئاوازەکە زۆر زۆر دەچێتە ناو خۆیەوە بەجۆرێك ئاوازەکە کاریگەری لەسەری هەبووە،ئەوەندە گرنگی بە ئادای گۆرانیبێژەکە یاخود تێکستەکە نداوە زۆر جاریش بەپێچەوانەوە ئەوەندە گرنگی بە تێکستەکە یاخود بەووشەکان دەدات بەلایەوە گرنگ نییە ئاوازەکە چۆن چنیبێ یان موزیکەکەی چۆنە بۆیە دەڵێم کاریگەریەکە دەگێڕتەوە سەر وەرگر بەوەی کامەی زیاتر لە (ئاواز، یاخود تێکست، یاخود وتنەکە) کاریگەری لێدەکات، لە هەمان کاتدا کاریگەریەکە لە کەسێك بە کەسێکی تر جیاوازە.
- **ئەوە لەپەیمانگا و کۆلێژی هونەریت خوێندوە ،تاچەند گرنگە ژنیار بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئامادەکەی بژێنێت؟**
- من پەیمانگای هونەرجوانەکان بەپلەی یەکەم تەواو کردوە و کۆلێژی هونەریشم بەپلەی یەکەم تەواو کردوە،شێوازی ژنین بەشێوەیەکی ئەکادیمی زۆر گرنگە وەکو سەرەتا هەرکەسێك دەست بەهەرکارێك بکات پێویستە شێوازە راستەکەی فێربێت ئیتر دوای ئەوەی قوە دەبەتەوە لە بوارەکەی داهێنانی تیا دەکات یان شێوازەکەی دەگۆڕێت ئەمەیان جیاوازە بەڵام وەکو سەرەتا بۆئەوەی لە ئامانجەکە بەباشی فێربیت دەبێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێربیت.
- **کاریگەری موزیکی بیانی بێ (ئاهەنگی و نەرمەنی) لەسەر شوناسی موزیکی کوردی چۆن دەبینیت؟**
- بەداخەوە لە کوردستان موزیکی بیانی کاریگەری زۆر نەرمەنی هەیە لەسەرتاکی ئەم کەمەگایە بەجۆرێك بەهەی کاریگەری موزیکی بیانی خێریکە موزیکی کوردی نانسرێتەوە ئەوەندە کاریگەری نەرمەنی لەسەرە.. من پێم خۆش سوود لە موزیکی بیانی وەربگرین بەشێوەیەك بەکار بێت کە موزیکی کوردی سوودی لەوەربگرین نەك بەشێوەیەك بەکار بێت کەبەرگەکی بیانی بکەیت بە موزیکی کوردی تا ئەورادەی نەناسرێتەوە.. زۆر بەداخەوە کەسانێك بەو جۆرە ئیش دەکەن جگەی داخە کاتە گوە لەهەندە گۆرانی یان لەهەندە موزیك دەبێت کەسەکە کوردە هەموو ئەوانەی کاریان لە کارەکیان کردوە کوردن بەڵام هیچ مەرکەکی کوردی پێوەنییە ئەوەند مەرکی بیانیان بەکار هێناوە نازانیت ئەمە کارەکی کوردییە.
- **هەندە لە گۆرانیاکانی ئێستا تەنیا چەند رێژەك گوێگریان**

دەبێت لە دواییدا ون دەبن هەکارەکەی ئاوازەکە یاخود تێکستەکە یان بە دەنگەکە دەگۆڕێتەوە؟

- راستییەکەی هەکار زۆرن ئاواز کاریگەری خۆی هەیە، تێکست کاریگەری خۆی هەیە دەنگەکە کاریگەری خۆی هەیە لە هەمووشی گرنگتر ئەو ستایلە گۆرانییەی کە هەندە لە گۆرانیبێژەکان بەکاری دەهێنن هەروەکو لەوێنەی پرسیاری سەرەوە ئاماژەم پێدا بە داخەوە هەندە گۆرانی ئەوەندە کاریگەرە بە ستایلی بیانی هیچی لە کوردی ناچێت کاتێ گوێ لەدەگریت هیچ تام وچێژەکی نییە ئەوجا لە ئەستادا زۆر زۆریش بووە وەنەبێت کەسێك یان دووان بەوشێوازە کاربکەن زۆرێك بەو ستایلە کار دەکەن بۆیە گۆرانییەکە هیچ رەحیەتی تیا نەماوە کارەکان وەکو کارگەی لێهاتووە هەرگۆرنی دۆریدەکات تەواو دۆریدەکات تەواو.. هەندە گۆرانیبێژ هەیەمن هەرنایانناسم کاتێ لە شوێنێك گوێت لە گۆرانییەك دەبێت لام سەیرە دەپرسم ئەوە کێیە ئەوە چۆنە !؟ چونکە گۆرانیبێژ زۆر بووە گۆرانی بەاوکردنەوەش وەکو کارگەی لێهاتووە لەهەمان کاتداخەکیش نائەوەندە کاتی هەیە گوێ لە گۆرانییەکە بگرێت لەبەر ئەوەی تام چێژ لە گۆرانییەکە وەرناگرێت بۆیە تاقەتی ئەوەی نییە بەدوای ئەو گۆرانیانە بگەڕێت.. خاڵکی تریش بەتێکستەکە دەگەڕێتەوە بە جۆرێك هەندە تێکست ئەوەند ناشیرینە مرۆڤ حەز ناکات گوێی لێبگرێت ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆی هەیە بە ئەوەی گۆرانییەکان بە نەمری نەمێنەوە.

- **باشچۆن دەتوانین پارێزگاری لە شوناسی موزیکی کوردی بکەین؟**

- لەو کاتە دەتوانین پارێزگاری لە شوناسی موزیکی کوردی بکەین کاتێ هونەرمەندان کار دۆن مۆرکی کوردی لە دەست نەدۆن، مادەم ئەمە کوردین دەبێ هەر کارێك بکەین مۆرکی کوردی پێوە بێت ئەنجا شێوازی نووسینی موزیکەکە بێت بەکارهێنانی ئامێرە کوردییەکان بێت هەروەها لێرگەی کلیپەکان کە بەداخەوە هەندە لە کلیپەکان زۆر ناشرینن تا ئەو رادەیەی حەزناکێیت مناڵەکشت ببینی چونکە ئەوەندە شتی نەشیاوی تیایە پێویستە ئەو کلیپانەی دەکرێن شتی سەرنج راکێشی کوردی بێت مۆرکی خۆی لە دەست نەدا.. ئەمەدەتوانین هەم لە ئاواز هەم لە تێکست هەم لە هەبژادنی لەو دەنگەی کەدەنگ دەبێژێت مۆرکی کوردی لەخۆ بگرێت لەم رێگەیەوە دەتوانین موزیك و گۆرانی کوردی بۆرەو پێشەوە ببین وە دەتوانیین سوود لە شێوازی دانانی موزیکی ئەوروپی وەربگرین سوود لەلایەن زانستەکیان وەربگرین بەڵام نابی مۆرکی ئاستەقینەی خۆی لە دەست بدات.

کامەران حاجی ئیلیاس





بە فیلمی "سنجار"ی فیلمسازی ئیسپانی چوارەمین فێستیڤاڵی کوردی "مەسکە" دەکرێتەوە..

ئامادەکردنی: مەنسوور جیهانی

ـ بە پیشاندانی فیلمی سینەمایی "سنجار" لە دەرهێنانی فیلمسازی ئیسپانی "ئانا بوفاڕل"، چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" دەکرێتەوە.

چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" MKFF بە سەرکایەتی مامۆستا "کەرەم گەردەن زەری" Kerem Gerdenzeri ئاوازدانەر و گەرانبێژی ناوداری کوردیی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، بە بڕپرسیاریی خاتوو "گولیزەر گەردەن زەری" Gulizer Gerdenzeri – "ئینا تەدژۆڤا" Inna Tedzhoeva، بە مەبەستی ڕێنگدانەوەی فەرهەنگ، مێژوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانەوانی کوردەکان و هەروەها ژیانی مەدەنی ئەم نەتەوە ڕەسەنە، بە نمایشی کۆمەڵێک بەرهەم لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە "بڕیندە سینەماییەکان"، بەشی پێشبڕکێی "بڕگەفیلم"، بەشی پێشبڕکێی "کورتە فیلم" و هەروەها بەشی "شەویی سینەمای کوردی" لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی (سیپتەمبەری) ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی فیدراسیۆنی ڕووسیا بڕێوەدەچێت.

لە ڕوونکردنەوەی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" Moscow، فیلمی سینەمایی "سنجار" Sinjar لە دەرهێنانی خاتوو "ئانا بوفاڕل" Anna M. Bofarul لە کاتژمێر ٩ی شەویی چوارشەمە ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ و بە ئامادەبوونی ئەم خانمە فیلمسازە ئیسپانییە، سینەماکارانی ڕووسی، دەرهێنەران، لێژنەی دادوەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی، سینەماکارانی جۆجیا و کوردانی دانیشتووی ڕووسیا، لە سینەما "پارک مۆسفیلم" Mosfilmovskaya لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی ڕووسیا پیشان دەدرێت.

فیلمی "سنجار" تایبەتە بە ڕووداوە دڕندەزێنەکانی ساڵی ٢٠١٤

فیلمی سینەمایی "سنجار" تایبەتە بە ڕووداوە دڕندەزێنەکانی ساڵی ٢٠١٤، ئەو کاتەی کە داعش بێ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی هەرشی کردە سەر شاری شنگاڵ. یەکێک لە پاڵەوانەکانی ئەم فیلمە، بە هاوڵاتیەتی لەگەڵ سی منداڵی دەچێت بێ بەردەیی، ئەویدیکە لەم چەرمەسەرییە دەرباز دەبێت و هەوڵ دەدات کە بگەڕێتەوە بێ ماڵەوە و سێیەمین کەسیش لە شاری بارسلۆنای ئیسپانیا بەشوێن کۆڕە ونبووەکەیدا دەگەڕێت. ئەم بەرهەمە سینەماییە دەریدەخات کە ئەم ژنانە، بێ ڕزگاربوونی خۆشەویستەکانی خۆیان تا چ شوێنێک دەچنە پێشەوە.

“شەوی سینەمای کوردی” لە کۆمەڵەی هونەری “لین بڕسنێفسکی” بۆجگە لەوانە، لە “شەوی سینەمای کوردی” ژمارەیەک لە فیلمە کوردییەکانی ئامادەبوو لە فێستیڤاڵ، لە کاتژمێر ١١ی شەوی شەممە ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ تا کاتژمێر ٦ی بەرەبەیانی یەکشەممە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ لە هۆڵی “لۆمیێر” Lumiere لە کۆمەڵەی هونەری “لین بڕسنێفسکی” Bersenevsky Lane پیشان دەدرێن.

“مۆسکینۆ” خانەخوێی شاکارە مۆدێرنەکانی سینەمای کوردی

فیلمەکانی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ” لە سینەماکانی کۆمەڵەی سینەمایی “مۆسکینۆ” پیشکەش دەکرێن. سینەماکانی “مۆسکینۆ” Moskino لە هۆڵانی بەڵووەچوونی ئەم فێستیڤاڵەدا، شاکارە مۆدێرنەکانی سینەمای کوردیی پیشان دەدات. تەواوی فیلمەکان بە زمانی سەرەکی و بە ژێرنووسی ڕووسی نمایش دەکرێن.

کۆمەڵەی سینەمایی “مۆسکینۆ” Moskino لەوانە؛ سینەماکانی “مۆسکینۆ فاکێل” Moskino Fakel، “مۆسکینۆ کاسمۆس” Moskino Cosmos، “مۆسکینۆ مۆلۆدێژنی” Moskino Molodezhny و “مۆسکینۆ سپۆتنیک” Moskino Sputnik لە شاری مۆسکۆ، خانەخوێی ٣٨ بەرهەمی ئامادەبوو لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ”، لەوانە؛ ٧ فیلمی سینەمایی و ٨ بەگەفیلمی بڕیند لە بەشی پشبڕکێی “فیلمە بڕیندەکان” و هەروەها ١٤ کورتە فیلمی چیرۆکی و ٩ بەگەفیلمی کورت لە بەشی پشبڕکێی “کورتە فیلمەکان” دەبن.

ئاووگۆڕیی و وتووێژیی نێوان کەلتووری

ئەمساڵ فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ”، بە شێوەی گشتیی تەرکیزی خستۆتە سەر وتووێژیی نێوان کەلتووری و هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا. ئەم فێستیڤاڵە لە درێژەی نەریتی ساڵانی ڕابردوو، بە ناونیشانی بەشێک لە ئاووگۆڕیی فەرهەنگی، دیسانەوە فیلمسازان و لایەنگرانی سینەما لە سەرتاسەری جیهان لە یەکتریی کۆدەکاتەوە تاکوو پێکەوە شاکارە ڕاستەقینەکانی سینەمای کوردی پێشکەش بکەن. جوگرافیای بەشداربووان زۆر جۆراوجۆرن، بەرنامەکانی فێستیڤاڵ، فیلمەکان لە ١٢ وڵاتی جیهان، لەوانە؛ ئیسپانیا، فەرەنسا، کەنەدا، هۆڵەندا، بەلژیکا، دانیمارک، عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، هەرێمی کوردستان و … لە خۆدەگرێت.

تەرکیزی جۆی لەسەر فیلمەکانی سەبارەت بە ئیزەدییەکان
تەرکیزی جۆی لەسەر فیلمەکانی سەبارەت بە ئیزەدییەکان و دینی

کۆنی میزۆپۆتامیای ئەوانە. هەر ئەوەش لە چەمکی دیمەنی فێستیڤاڵیشدا هەنگی داوەتەوە: هەمای سەرەکی پێستەری ئەمساڵ، پەیی تاووسە کە هێمایەکی بەهێزە بۆ خەڵکی کورد، بە تایبەت لە بەستێنی ئیزەدیسمدا، کە دینی باب و باپیرانی باستانی هەموو کوردەکانە کە جەخت لەسەر گرینگی پاراستن و پەرەپێدانی کەلتووریی کوردی لە ڕۆگای سینەما دەکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر:
www.moscowkff.ru

زانیارییەکانی فیلمی سینەمایی "سنجار" لە ڕۆگای ئەم لینکەوە دانلۆد بکەن:
https://drive.google.com/drive/folders/1GDxlr4f2i8bBMGGOZlXstR5kJxg9NXco

---

براوەکانی ٨١مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" ناسێندران.. ئامادەکردنی: مەنسوور جیهانی

ـ براوەکانی هەشتا و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" Venice لە وڵاتی ئیتاڵیا دەستنیشان کران و فیلمی سینەمایی "ژووریی تەنیشت" لە دەرهێنانی "پێدرۆ ئامادۆقار" خەڵاتی گرینگی "شێری زێڕین"ی بەدەستهێنا.

ڕۆژەسمی کۆتایی هەشتا و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" Venice بە پێشکەش کاری خاتوو "سڤێڤا ئاڤیتی" Sveva Alviti خانمە ئەکتەری ناوداری سینەمای ئیتاڵیا لە هۆڵی سینەمایی "سالا گراندێ" Sala Grande لە شاری ڤێنیز لە وڵاتی ئیتاڵیا بەڕۆوەچوو و براوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی، لەوانە؛ بەشی "پێشبڕکێی سەرەکی"، بەشی "پێشبڕکێی ئاسۆکان"

Orizzonti، بەشی پێشبڕکێی "هەمەلایەنە" Immersive و هەروەها بەشی "ئاسۆکانی ئکستڕا" Orizzonti Extra ناسێندران و خەڵاتی گرینگی "شێری زێڕین" و خەڵاتەکانی دیکەی ئەم ڕووداوە سینەماییە بە براوەکان پێشکەش کرا.

براوەکانی بەشی "پێشبڕکێی نوێدەوڕەتی"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "پێشبڕکێی نوێدەوڕەتی" لە هەشتا و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نوێدەوڕەتی فیلمی "ڤێنیز" کە بریتی بوون لە: خاتوو "ئیزابێل هۆپێرت" Isabelle Huppert ئەکتەری ناوداری فەڕەنسی ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران، "جیمز گرێی" James Gray دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئەمەریکا، "ئەندرێ هایگ" Andrew Haigh نووسەر و دەرهێنەر لە وڵاتی بەریتانیا، "ئاگنیسکا هۆڵەند" Agnieszka Holland دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی پۆڵەندا، "کلێبەر مێندۆسا فیلهۆ" Kleber Mendonça Filho دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی بڕازیل، "عەبدولڕەحمان سیساکۆ" Abderrahmane Sissako دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی موریتانی، "جۆزێپێ تۆرناتۆرێ" Giuseppe Tornatore دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئیتاڵیا، خاتوو "جوولیا ڤۆن هاینز" Julia von Heinz دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئەڵمانیا و هەروەها خاتوو "ژانگ ژیی" Zhang Ziyi ئەکتەر لە وڵاتی چین؛ دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی "شێری زێڕین"
فیلمی سینەمایی "ژووریی تەنیشت" The Room Next Door لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری ئیسپانی "پێدرۆ ئاڵمادۆڤار" Pedro Almodóvar و بەرهەمی وڵاتی ئیسپانیا خەڵاتی گرینگی "شێری زێڕین" Golden Lion باشترین فیلمی ئەم ڕووداوە گرینگەی بەدەستهێنا.

خەڵاتی گەورەی شێری نوقرەیی لێژنەی دادوەران
خەڵاتی گەورەی شێری نوقرەیی لێژنەی دادوەرانی ئەم گەڕەی فێستیڤاڵ، بە فیلمی سینەمایی "وێرمیگلیۆ" VERMIGLIO لە دەرهێنانی "مائێرا دێلپێرۆ" Maura Delpero بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئیتاڵیا، فەڕەنسا و بەلژیکا بەخشرا.

خەڵاتی شێری نوقرەیی باشترین دەرهێنان
خەڵاتی شێری نوقرەیی باشترین دەرهێنانیش بە "بڕدی کۆربێت" Brady Corbet بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی "بڕوتالیست" The Brutalist بەرهەمی وڵاتی بەریتانیا پێشکەش کرا.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن
خەڵاتی "کاپی ڤۆڵپی" The Volpi Cup باشترین ئەکتەری ژن بە "نیکۆل کیدمەن" Nicole Kidman ئەستێرەی ناوداری سینەمای جیهان بۆ ڕۆڵە بینین لە فیلمی سینەمایی "کیژۆڵە" BABYGIRL لە دەرهێنانی خاتوو "هەلینا ڕێژین" Halina Reijn بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو
خەڵاتی "کاپی ڤۆڵپی" The Volpi Cup باشترین ئەکتەری پیاو بە "ڤینسێنت لیندۆن" Vincent Lindon بۆ ڕۆڵە بینین لە فیلمی سینەمایی "کوڕی هەمن" The Quiet Son لە دەرهێنانی هاوبەشی "دێلفین کۆلین" Delphine Coulin و "مۆریل کۆلین" Muriel Coulin بەرهەمی وڵاتی فەرەنسا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین سیناریۆ
"مۆریل هاوزەر" Murilo Hauser و "هیتۆر لۆرگا" Heitor Lorega بۆ نووسینی سیناریۆی "من هێشتا لێرەم" I'm Still Here لە دەرهێنانی "واڵتێر سالز" Walter Salles بە هاوبەشی خەڵاتی باشترین سیناریۆیان بەدەستهێنا.

خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران
خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەرانیش بە فیلمی سینەمایی "ئەپریل" APRIL لە دەرهێنانی "دێئا کەلەمبێگاشڤیلی" Dea Kulumbegashvili بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی فەرەنسا، ئیتاڵیا و جۆجیا پێشکەش کرا.

خەڵاتی "ماچێلۆ ماستۆیانی"
خەڵاتی "ماچێلۆ ماستۆیانی" Marcello Mastroianni بۆ باشترین ئەکتەری گەنجی نوێی بە "پائول کیرچێر" Paul Kircher بۆ ڕۆڵە بینین لە فیلمی سینەمایی "و منداڵەکانیش دوای ئەوان" And Their Children After Them لە دەرهێنانی هاوبەشی "لێدویک بووکێرما" Ludovic Boukherma و "زوران بووکێرما" Zoran Boukherm بەرهەمی وڵاتی فەرەنسا بەخشرا.

براوەکانی بەشی "پێشبڕکێی ئاسکان"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "پێشبڕکێی ئاسکان" Orizzonti لەم ووداوە گرینگ و پلە یەکەی سینەمای جیهان کە بریتی بوون لە: خاتوو "دێبرا گرانیک" Debra Granik دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئەمەریکا ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، "عەلی عەسگەری" Ali Asgari دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئێران،

خاتوو "سوودە کادان" Soudade Kaadan دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی سووریا، "کریستۆس نیکوو" Christos Nikou دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی یۆنان، "تۆڤا نۆڤۆتنی" Tuva Novotny ئەکتەر و دەرهێنەر لە وڵاتی سوید، "گابۆر ڕایس" Gábor Reisz دەرهێنەر لە وڵاتی هەنگاریا و هەروەها خاتوو "ڤالیا سانتێلا" Valia Santella سیناریۆنووس و دەرهێنەر لە وڵاتی ئیتاڵیا؛ دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین فیلم
خەڵاتی باشترین فیلمی بەشی "پێشبڕکێی ئاسکان" بە فیلمی سینەمایی "ئەو ساڵە نوێیەی کە هەرگیز نایەت" The New Year That Never Came لە دەرهێنانی "بوگدان مۆشانۆ" Bogdan Mureșanu بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ڕۆمانیا و سیربیا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین دەرهێنان
خەڵاتی باشترین دەرهێنانی ئەم بەشە بە خاتوو "سارا فریدلەند" Sarah Friedland بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی "دەستڵدانی ئاشنا" Familiar Touch بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکا پێشکەش کرا.

خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران
خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران بە فیلمی سینەمایی "یەکێک لەو ڕۆژانەی کە هەمی دەمرێت" One of Those Days When Hemme Dies لە دەرهێنانی "مورات فیرات ئۆغڵو" Murat Fıratoğlu بەرهەمی وڵاتی تورکیا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن
خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی ئەم بەشەی فێستیڤاڵیش بە "کاتلین چالفانت" Kathleen Chalfant بۆ ڕۆڵی بینین لە فیلمی سینەمایی "دەستڵدانی ئاشنا" Familiar Touch لە دەرهێنانی خاتوو "سارا فریدلەند" بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکا پێشکەش کرا.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو
خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" بە "فرانچێسکۆ قێقی" Francesco Gheghi بۆ ڕۆڵی بینین لە فیلمی سینەمایی "فامیلیا" Familia لە دەرهێنانی "فرانچێسکۆ کۆستابیلە" Francesco Costabile بەرهەمی هاوبەشی وڵاتی ئیتاڵیا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین سیناریۆ

خەڵاتی باشترین سیناریۆی ئەم ووداوە سینەماییە بە "ئەسکەندەر کوپتی" Scandar Copti بۆ نووسینی سیناریۆی "پشوودان پیرۆز بێت" Happy Holidays بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا و قەتەر بەخشرا.

خەڵاتی باشترین کورتە فیلم
خەڵاتی باشترین کورتە فیلم بە بەڵگەفیلمی "چ کەسێک هەتاویی خۆش دەوێت" Who Loves the Sun لە دەرهێنانی "عەرشیا شەکیبا"Arshia Shakiba سینەماکاری ئێرانی و بەرهەمی وڵاتی کەنەدا پێشکەش کرا.

خەڵاتی بینەرانی بەشی "ئاسۆکانی ئکستڕا"
فیلمی سینەمایی "شاهد" The Witness لە دەرهێنانی سینەماکاری ئێرانی "نادر ساعیوەر"Nader Saeivar ، لە نووسینی هاوبەشی سینەماکاری ناوداری ئێرانی "جەعفەر پەناهی" و نادر ساعیوەر" و بە ڕێبینینی خانمە ئەکتەری کورد خاتوو "مریەم بووبانی"، هونەرمەندی کورد خاتوو "هانا کامکار"، "عەباس ئیمانی"، "غەزەل شوجاعی"، "فەرید ئێشقاقی" و … خەڵاتی بینەرانی بەشی "ئاسۆکانی ئکستڕا" Orizzonti Extra لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" بەدەستهێنا.

خەڵاتی "لۆئیجی دی لۆرێنتس" ڤێنیز
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی "فیلمە یەکەمەکان" لە هەشتا و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" کە بڕیتی بوون لە: "جیانی کانۆڤا" Gianni Canova ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی ئیتاڵیا ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران، "ریکی دامبروز" Ricky D'Ambrose نووسەر و دەرهێنەر لە وڵاتی ئەمەریکا، خاتوو "باڕبارا پێز" Barbara Paz دەرهێنەر، هونەرمەندی شێوەکار، ئەکتەر و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی بڕازیل، خاتوو "تەڵار ڕەسڵ" Taylor Russell ئەکتەر و دەرهێنەر لە وڵاتی کەنەدا و هەروەها "جاکۆب وۆنگ" Jacob Wong کیڕیتێری فێستیڤاڵی فیلم و بەرپرسی بازاڕی پێڕۆژە لە وڵاتی ژاپۆن؛ خەڵاتی ڤێنیز "لۆئیجی دی لۆرێنتس" Luigi De Laurentiis بە فیلمی سینەمایی "دەستڵدانی ئاشنا" لە دەرهێنانی خاتوو "سارا فریدلەند" بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکا پێشکەش کرد. ئەم خەڵاتە بە هاوتایەتی لەگەڵ خەڵاتی بۆی پارەی ١٠ هەزار دولاری بە شێوەی یەکسان بە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر بەخشرا.

خەڵاتی بەشی "فیلمە کلاسیکییەکان"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "فیلمە کلاسیکییەکان"ی ڤێنیز بە

سەرکایەتی "ڕێناتۆ دی مارینا" Renato De Maria و پێکهاتوو لە ٢٤ خوێندکاری سینەما کە لە نێوان مامۆستایانی بەرنامەکانی سینەمای زانکۆی ئیتاڵیا هەبژێردرابوون، خەڵاتی خۆیان بەم شێوەیە پێشکەش کرد:

خەڵاتی باشترین بەرگەفیلم
خەڵاتی "ڤێنیزی کلاسیک" بۆ باشترین بەرگەفیلم لە سینەما بە بەرگەفیلمی "کاردانەوە زنجیرەییەکان" Chain Reactions لە دەرهێنانی "ئۆلێکساندەر ئۆ. فلیپ" Alexandre O. Philippe بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکا بەخشرا.

خەڵاتی باشترین فیلمی نوێژەن کراوەکان
خەڵاتی "ڤێنیزی کلاسیک" بۆ باشترین فیلمی نوێژەن کراوەکان بە فیلمی سینەمایی "لێرە هەنگی هەنگوین" Ecce bombo لە دەرهێنانی "نانی مۆرێتی" Nanni Moretti بەرهەمی ساڵی ١٩٧٨ی وڵاتی ئیتاڵیا پێشکەش کرا.

براوەکانی بەشی پێشبڕکێی "هەمەلایەنە"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی "هەمەلایەنە" Immersive بە سەرکایەتی "سێلین دایمەن" Celine Daemen، "ماریێن بۆرگێر" Marion Burger و "ئادریان لۆکمەن" Adriaan Lokman دوای بینینی٢٦ کورتە فیلم، خەڵاتەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی گەورە
خەڵاتی گەورەی بەشی پێشبڕکێی "هەمەلایەنە" بە کورتە فیلمی "ئیتۆ میکیۆ" Ito Meikyū لە دەرهێنانی "بۆریس لابە" Boris Labbé بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی فەرەنسا و لۆکزامبۆرگ بەخشرا.

خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی دادوەران
خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم بەشەی فێستیڤاڵ بە کورتە فیلمی "ئەستێرەی ئۆتۆ" Oto's Planet لە دەرهێنانی "گوێنائێل فرانسوا" Gwenael François بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی لۆکزامبۆرگ، کەنەدا و فەرەنسا پێشکەش کرا.

خەڵاتی دەستکەوتی هونەری
خەڵاتی دەستکەوتی هونەریش بە کورتە فیلمی "ئەنگێزە: یاری بە ڕاستییەکان" Impulse: Playing with Reality لە دەرهێنانی هاوبەشی "بەری جین مۆرفی" Barry Gene Murphy و "مەی عەبدوڵا" May Abdalla بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا بەخشرا.

هەشتا و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤێنیز" بە سەرکایەتی "ئالبێرتۆ باربێرا Alberto Barbera" و بە نمایشی بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتانی جیهان لە بەشەکانی پشبەکی، لەوانە: ٢١ فیلمی سینەمایی لە بەشی "پشبەکی سەرەکی"، لەوانە؛ بەشی "پشبەکی ئاسەکان"، بەشی پشبەکی "هەمەلایەنە"، بەشی پشبەکی "هەفتەی خەگران" و هەروەها بەشی دەرەوەی پشبەکی، لەوانە؛ بەشی "نمایشی بەرهەمە بینەدەکان"، بەشی "نمایشی تایبەت"، بەشی "ئاسەکانی ئکستڕا"، بەشی نوێژەن کردنی "فیلمە کلاسیکییەکان"، بەشی "کالێجی سینەما"، بەشی "باشترین ئەزموونەکان"، بەشی "باشترینەکانی جیهان"، بەشی دەرەوەی پشبەکی "هەفتەی خەگران"، بەشی "مەستەر کلاس و وتووێژ لەگەڵ کەسایەتییەکانی سینەما" و … لە شاری ڤێنیز لە وڵاتی ئیتالیا بەڕێوەچوو.

بۆ زانیاری زیاتر:

https://www.labiennale.org/en/news/official-awards-81st-venice-international-film-festival